

# خاوەنی سێ خەڵاتی ئۆسکار وازدێنێ

■ ڕووداو. ئاژانسەکان

ئەکتەری سینەمایی بەریتانی دانیال دی لویس کە خاوەنی سێ خەڵاتی ئۆسکارە و ئەمساڵیش کاندیدی ئەو خەڵاتەیە، بڕیاری دا چیدی لەکاری نواندن بەردەوام نەبێت.

نوێترین فیلمی ئەو ئەکتەرە بەناوی "Phantom Thread" کاندیدی شەش خەڵاتی ئەمساڵی خەڵاتەکانی ئۆسکارە و لویسیش، کاندیدی خەڵاتی باشترین ئەکتەرە.

ئەو ئەکتەرە ڕایگەیاندووە کە ئەم بەرهەمە سینەماییە ڕۆمانسییە، دوایین بەرهەمی دەبێت وەک ئەکتەر ڕۆڵ بگێڕێت.

لویس (60 ساڵ) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کاتی ئەوە هاتووە، بە ڕێگایەکی جیاواز بە دوای نهێنییەکانی جیهاندا بگەڕێ.

ئەم بەرهەمە سینەماییە لە جۆری فیلمە ڕۆمانسییەکانە و چیرۆکی دیزاینەرێکی جلوبەرگ دەگێڕێتەوە کە بەهۆی خۆشەویستیی بۆ کچێکی لەخۆی بچووکتر، تەواوی ژیانی دەگۆڕێ.

فیلمەکە لە دەرهێنانی پۆل تۆماس ئەندەرسۆنە و ماوەی دوو ساڵ کاری بۆ کراوە و جگە لە خەڵاتی ئۆسکار، بۆ خەڵاتەکانی باشترین ئەکتەر، خەڵاتی باشترین فیلم و دەرهێنەریش پاڵێوراوە.

ئەو ئەکتەرە ساڵی 1957 لە لەندن لەدایکبووە و کوڕی شاعیری ئێرلەندی سیسیل دی لویسە. لویس تاکە ئەکتەری سینەماییە لە مێژووی ئۆسکاردا کە سێ جار خەڵاتی ئۆسکاری وەک باشترین ئەکتەری سەرەکی وەرگرتبێ.

# ڕۆمانی "باخی باڵندە مەستەکان" چاپدەکرێ

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

هێمن بەرزنجی، شاعیر و چیرۆکنووس، یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناوی "باخی باڵندە مەستەکان" چاپ و بڵاوکردەوە کە ماوەی پێنج ساڵ کاری لەسەر کردووە.

هێمن بەرزنجی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم بەرهەمە وەک گێڕانەوەی چیرۆکی درێژ و لە فۆڕمی ڕۆماندا، یەکەمین ئەزموونی منە کە ماوەی پێنج ساڵ بەبەردەوام کارم تێدا کردووە".

گوتیشی: "ئەگەرچی لەتەک ئەم ڕۆمانەدا دوو کۆمەڵە چیرۆک و کۆمەڵە شیعرێکم بەچاپ گەیاند، بەڵام بەردەوام کەرەستەم بۆ کۆدە کردەوە". هێمن بەرزنجی دەڵێت: "بۆ من نووسینی ڕۆمانەکە ئەوەندە قورس نەبوو، هێندەی تەکنیکەکەی بەلامەوە گرنگ بوو کە دەبوو تەکنیکێکی جیاواز هەڵبژێرم، چونکە بە بڕاوی من گرنگیی ڕۆمان لە تەکنیکەکەیدایە".

بەرزنجی دەڵێت بیرۆکەی ئەم ڕۆمانە بۆ سەرەتای ساڵی 2012 دەگەڕێتەوە کە سەرەتا چیرۆکێکی کورت بوو، ئەویش لەکاتی گەڕانەوەی لە شاری تارانەوە و بەهۆی کەسێکەوە کە هاوسەفەری بووە لە پاسێکدا و بۆ برایەکی ونبووی گەڕاوە، لەوێوە ئەم بیرۆکەیە پەلی کێشا بۆ چیرۆکی ڕۆمانێک.

ڕۆمانەکە جگە لەو هێڵە درامییەی کە گەڕانی هاوڕێیەکە بەدوای هاوڕێیەکدا بەناوی (موراد) و بیست ساڵە ون بووە تا سەرئەنجام لە باخی باڵندە مەستەکاندا دەیدۆزێتەوە، هاوکات چەندین کورتیلە چیرۆکی بەشێوەی دەقئاوێزانی تێدایە کە سەرجەمیان کراوەن و دابەشبوون بەسەر 21 بەشدا، خوێنەری زیرەک پێکەوە کۆیاندەکاتەوە و دەیانخاتەوە ناو فۆڕمی هێڵە درامییەکە.

هێمن بەرزنجی، ساڵی 1980 لە سلێمانی لەدایکبووە، وەک چیرۆکنووس و شاعیرێک چەندین بەرهەمی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە، لەوانە: (ڕازەکانی غوربەت- شیعر)، (کوڕی مەریەمێکی تر- کۆمەڵە چیرۆک)، (خۆشەویستی- کۆمەڵە شیعر)، (جەستەفرۆشێکی دڵشکاو- کۆمەڵە چیرۆک)، (پەنای بەر با- کۆمەڵە چیرۆک)، (ئەلبوومێک لە خەیاڵ- کۆمەڵە شیعر) و چەندین بەرهەمی دیکە.




# "شەوی ڕووداوە سەیرەکەی سەگەکە" کرایە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور


"شەوی ڕووداوە سەیرەکەی سەگەکە" لە نووسینی مارک هادۆن، ڕۆماننووسی بەریتانی، لەلایەن وەرگێڕ سیروان مەحموودەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدرا و بڵاوکرایەوە.


سیروان مەحموود بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆمانەکە لە 314 لاپەڕەدا و بە تیراژی هەزار دانە لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە لە سلێمانی، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

سیروان مەحموود لەبارەی ئەم بەرهەمە، گوتی: "ڕۆمانەکە باس لە منداڵێکی نائاسایی دەکات کە هەرگیز وەک ئێمە بە شتەکانی ئەم دنیایە ڕانەهاتووە. کریستۆفەر منداڵێکی 15 ساڵی نائاساییە، کاردانەوەی بەرامبەر هەموو شتەکان جیاوازە. لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانی خۆیدا وردە وردە ئەم ڕۆمانە دەنووسێ و ئاساییانە باسی شتە نائاساییەکانی ژیانی خۆی دەکات".

سیروان لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا کاردەکات و تاوەکو ئێستا 16 کتێبی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە کە 15 یان چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

مارک هادۆن، لە 28ی ئۆکتۆبەری 1962 لە بەریتانیا لەدایکبووە و لەڕێگەی ڕۆمانی "شەوی ڕووداوە سەیرەکەی سەگەکە" ناوبانگی پەیدا کرد.






# قەڵەندەر و قەڵا..

## ڕۆمانێك لەبارەی ژیان و فەلسەفەی شێخی ئیشراق (شەهابەدین یەحیا سوهرەوەردی)

جەلال محەممەد

یەکێک لەو شاکارە جوانانەی لەسەر عیرفان و مەعنەویەت نووسراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، ڕۆمانی قەڵەندەر و قەڵایە لە نووسینی نووسەری ناوداری کورد (یەحیا یەسریبی) و ئازاد بەرزنجی بە قەبارەی 365 لاپەڕە کردوویەتی بە کوردی.

سوهرەوەردی هەر لە شارۆچکەکەی خۆیەوە (سوهرەوەرد) دەستی بەخوێندن کرد، بەڵام جیاواز لە منداڵان و هاوپۆلەکانی خۆی، ئاستی زیرەکی و توانای عەقڵیی زۆر لە سەروو تەمەنەکەی خۆیەوە بوو. ڕووی لە ئەسفەهان کرد و لای شێخ و زاناکانی ئەوێ مەنتیق و کەلام و حیکمەت و تەفسیری خوێند. کاتێکیش بۆی دەرکەوت چیتر ئەسفەهان سوودی نەماوە بۆی، بەجێیهێشت و وەک خۆی دەڵێ (زۆربەی زاناکان هاوشێوەی خەڵکە عەوامەکە بیرتەسک و کورتبینن و کۆمەڵێک زیکر و وێرد کە وەک میرات بۆیان ماوەتەوە، دووبارەی دەکەنەوە و دژی هەر جۆرە داهێنان و بیرێکی نوێن و تەحەمولی پرسیارێک ناکەن کە سنووری دەستووری باو و نەریت تێپەڕێنێت. لە هەموو شوێنێک بانگەشە بۆ تەسلیمبوون و قایلبوون دەکرێت و ئامۆژگاریی خەڵکی دەکەن بێدەنگ بێت).

کێشەی بوون و چییەتی و دەیان پرسیار و خولیا و کەڵکەڵەی تر مێشکی سوهرەوەردییان داگرتبوو، بۆیە بەشوێن وەڵامەکانیدا ڕێی دەشت و کێو و تەنهایی و هات و نەهاتی بەرەو مەراغە گرتەبەر و ئاتەشکەدەی زەردەشتی و موغی ئاتەشکەدە پیر و ڕێنیشاندەری بوو. حەز و تینوێتییەکی لەڕادەبەدەری بۆ مەعریفە هەبوو، پێیوابوو مەعریفە بە دوو جۆر حیکمەت بەدەست دێت، یەکەمیان حیکمەتی فەیلەسوفانە کە پشت بە شیکردنەوە و ئەنجامگیری عەقڵی و بەڵگەکاری دەبەستێ، ئەویتریان حیکمەتێکی زەوقییە کە عارفان و ئەهلی دڵان لەڕێگەی کەشف و شهود و ڕەنج و تەقەلای ڕۆحییەوە ئەزموونی دەکەن و نابێت ڕازەکانیان بە خەڵکی ئاسایی بگوترێن.

قەڵەندەرێکی ئاوارە و شەیدا بوو بەشوێن جەوهەرێکی دەگمەندا دەگەڕا. باوەڕی بەکرانەوەی هزریی هەبوو، خۆی بە یەک فەلسەفەی دیاریکراوەوە نەبەستبووەوە. بەڕووی فەلسەفەی یۆنانی و حیکمەتی ئێرانی و میسری و هیندوستانیدا کرابووەوە. هەرچەندە نووسراوەکانی ئیبن سینا و فارابی و غەزالی و ئەبو حەسەن ئەشعەری بابەتی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە و وانە زانستییەکانی ئەو سەردەمە بوون، بەڵام هیچکام لەمانە تینوێتی مەعریفیی سوهرەوەردییان نەشکاند. بۆیە مەراغەی بەرەو دوند و کەژ و کێوان جێهێشت و بەیانیان لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر و شەوانیش بەدیار مانگەوە خەریکی ڕاز و نیاز بوو، لەگەڵ حەلقەی زیکر و سەمای دەروێشان، تێکەڵ بە سەما و گۆرانی و بەزمی خەڵکی ئاسایی دەبوو، کاتێک لە ئامەد دەبینێت خەڵکی لە بۆنەیەکدا خەریکی گۆرانی و سەماکردنن، ئەمیش دەچێتە ناوەڕاستی خەڵکەکە و مێزەرەکەی لادەبات و بەدەم شیعر و گۆرانییەوە خەریکی سەماکردن دەبێت، ئەمانە ببوونە مایەی ڕق و تووڕەیی لەلایەن شێخ و زانایان و هاونشینانی خۆیەوە و بە سوکایەتی و خۆبچووککردنەوە دادەنرا، سوهرەوەردیش لە وەڵامدا پێیان دەڵێ:

"هاوڕێ سەر مەخەرە سەرم، من خۆم بچووک ناکەمەوە، چونکە من خۆم بچووکم! پێویستە تۆ بەو جەنابانە بڵێی کە ئەوان بۆچی خۆیان گەورە کردووە و هەموو شتێکیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە و خۆیان لە خەڵکی تر بە جیاواز و گەورەتر دەزانن. لەکاتێکدا هەروەکو قورئان دەڵێت پێغەمبەریش ئینسانێکە هەر وەکو ئینسانەکانی تر، بە چ حەقێک ئەمانە خۆیان وەکو تاوس دەنوێنن و لووتیان وا لە ئاسمانە؟ من ئەوەم کە هەم، بەڵام ئەوانە ئەوە نین کە هەن".

دوا مەنزڵی ژیانی سوهرەوەردی حەلەب بوو، زاهیرشای کوڕی سەلاحەدینی ئەیوبی، میری حەلەب بوو کە لەوکاتەدا تەمەنی تەنیا شانزە ـ حەڤدە ساڵان دەبوو. ئەگەرچی پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا، بەڵام کەشوهەوا و ژینگەی مەعریفی حەلەبی لە شوێنەکانی دیکە لەلا باشتر بوو. لە قوتابخانەی حەلاوییەکان خەریکی وانەگوتنەوە بوو، لەناو شاردا قسە و باسی لەبارەوە دەکرا، هەندێک دەیانگوت عارفێکی کامڵە و هەندێک بە فەیلەسوفێکی باڵا و حەریفی ئیبن سینا و فارابی و هەندێکیش بە کەسێکی شێت و فێڵباز و مەترسی بۆ سەر ئایین و سیستەمی سیاسی ناویان دەبرد. زانایان و شەرعناسانیش دژایەتییەکی زۆریان دەکرد بە تۆمەتی (زیندووکردنەوەی ئایینی زەردەشت و گومان لەسەر خەتمی نبووەت و بەردەوامیی ئیلهام و ئیدیعای پێغەمبەرایەتی و بابەتی کەرامات و سوجدەبردن بۆ هەتاو و گوێگرتن لە موزیک و ... هتد ) تاوانباریان کرد. سوهرەوەردیش نەک بێباک بوو بەرامبەریان، بەڵکو دەیویست بەرلەوەی ئەم دنیا فانییە بەرەو مەلەکوت و نووری ئەنوار جێبهێڵێت، پەیامێک بگەیەنێت بەو خەڵکە و دڵی مرۆڤەکان سەر بە هەر دین و میللەتێک بن، بە نوور و ڕووناکی ئاشنا بکات، بەشێک لە ڕێنماییەکانی پیران و حەکیمەکانی دێرین زیندوو بکاتەوە و ڕۆچنەیەک لە زەوییەوە ڕووە و ئاسمان و لە دەرەوە بۆ ناوەوە و لە شێوەوە بۆ مانا بکاتەوە، پاشان بەرەو جێگا شکۆدارەکەی خۆی بگەڕێتەوە کە چەندینجار لە مکاشەفەکانیدا بینیویەتی.

پاش سازدانی دیبەیت و کۆبوونەوە لەنێوان زانایان و سوهرەوەردیدا کە جۆرێک لە دادگاییکردنی سوهرەوەردی بوو تا بەرگری لە خۆی بکات لەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵی، پاش سێ کۆبوونەوە و دوای ئەوەی سوهرەوەردی سەرجەم تۆمەتەکانی ڕەتکردەوە، زانایان هەر سووربوون لەسەر ڕای خۆیان و لە دانیشتی خۆیاندا بڕیاری مەرگیان بەسەر سوهرەوەردیدا سەپاند. بڕیارەکەیان نارد بۆ دیمەشق بۆ سەلاحەدینی ئەیوبی تا پەسەندی بکات. ئەگەرچی زاهیرشا پشتگیریی سوهرەوەردیی دەکرد و دژی بڕیارەکەی زانایان وەستایەوە و بە باوکی ڕاگەیاند کە زانایان بە هەڵەداچوون، بەڵام سەلاحەدین گوتی نامەوێ بزانم قسەی زانایان ڕاستە یان نا، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە دڵی زانایانمان لێ نەڕەنجێ، تەنانەت ئەگەر واش بێت چارمان نییە و پێویستە قوربانی بە سوهرەوەردی بدرێ.

پەسەندکردنی بڕیارەکەی شەرعناسان بە مەرگی سوهرەوەردی لەلایەن سەلاحەدینی ئەیوبییەوە، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لەلایەکەوە سەلاحەدین و سوپاکەی لە شەڕی خاچپەرستاندا بەهۆی فەتوای شەرعناسانەوە پشتگیریی جەماوەری بەدەستهێنا، لەلایەکی تریشەوە ترسی هەبوو خەڵکی عەوام بە قسە و بۆچوونەکانی سوهرەوەردی کاریگەر بن کە زۆر دژایەتی میر و دەسەڵاتدارە فەرمانڕەواکانی دەکرد و بە فیرعەون و ستەمکار ناوی دەبردن و دەیگوت دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی وڵاتدا گرتووە و خۆیان لە خۆشگوزەرانی و کەیف و ڕابواردندا دەژین و میللەتیش ژیانێکی ژێردەستە و کۆیلایەتی دەژی، دەترسا خەڵکی بەهۆی ئەو قسانەوە ڕاپەڕن هەروەک چۆن لە میسر لەدژی دەوڵەتی فاتمی کرا.

سەرئەنجام پاش دیاریکردنی شێوازی مردنەکەی لەلایەن خۆیەوە، سوهرەوەردییان بەند کرد و هیچ خواردن و خواردنەوەیەکیان پێنەدا. پاش هەڵکردنی بۆ ماوەی هەفتەیەک، لە تەمەنی سی و هەشت ساڵیدا گیانی لە زیندانی جەستەی داماڵرا و بەرەو مەلەکوت بەرزبووەوە.

پاش مردنیشی هێشتا زانایان و فەقیهەکان وازیان لێنەهێنا و لاشەی ساردوسڕیان هێنایە دەرەوە و لەسێدارەیاندا.

جێی خۆیەتی بڵێین نووسەری ڕۆمانەکە (یەحیا یەسریبی) جگە لەوەی خزمەتێکی گەورەی فکر و فەلسەفەی سوهرەوەردیی کردووە، لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا کە زیاد لە 10 جار چاپ کراوەتەوە، جەخت لە کوردبوونی سوهرەوەردی دەکاتەوە کە لە ئێران و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا سوهرەوەردی وەکو فەیلەسوف و قەڵەندەرێکی فارس ناسراوە و فەلسەفە و مەعریفەکەشی لەسەر کولتووری نەتەوەیی فارس ئەژمار کراوە.

# ڕۆمانی "خانووەکەی مزگەوتێ"

## لەنێوان "شۆڕشی مێروولەکان" و سەرسامیی "ئاغاجان"دا




بۆتان لەتیف عەبدولقادر



ڕۆمانی "خانووەکەی مزگەوتێ"ی قادر عەبدوڵڵا کە شەفیقی حاجی خدر لە هۆڵەندییەوە کردوویەتیە کوردی؛ ڕۆمانێکی قەرەباڵغە بە ڕووداو و بەسەرهاتی جۆراوجۆر، بیری چەپگەرایی زاڵە بەسەریدا، بەڵام چەپگەلی ئیماندارن، چونکە لە خانووەکەی مزگەوتێوە تێگەیشتن و بیری چەپیان لەلا گەڵاڵە دەبێ و دواتر وەکو پڕۆژەی سیاسی لێدێ لەلایان. لەلایەک پێشاندانی ڕاستیی دیوی ژوورەوەی خانووەکەی مزگەوتێیە، بۆ هەڵماڵینی پەردە لەسەر بزر و پەنهانەکانی ئەوێ کە ئەمش هەم بۆ لێدانی ڕۆڵی مەلا و مزگەوتە؛ هەم بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگایە کە چۆن بەناوی ئایین بڕێ کەس هەلپەرستانە ژیان بەسەردەبەن و ڕادەبوێرن!!..

لەلایەکی دیکەوە بەریەککەوتنی چەپ و ڕاستی خواستی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە، بەریەککەوتنی پەیڕەوی ئاسمانی و دانراوە، هەروەها بەریەککەوتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشە.. ئیدی دەکرێ زۆر دوانەی جۆراوجۆر هەڵێنجین کە لەناو مەنجەڵی ئەم ڕۆمانەدا پێکەوە هەڵناکەن وهەرا دەنێنەوە. هەروەک ڕۆماننووس پەنای بۆ دەقی قورئان بردووە هەتا بیرۆکەیەکی خۆی پێ دەوڵەمەندتر بکات لە چوارچێوەی ڕووداوەکاندا. هەروەها ڕۆمانەکە لەڕووی نووسینەوە؛ لەچەند وێستگەیەک پێکدێت بەناونیشانی جیاواز.

ڕۆمانەکە؛ بەگشتی وا دەردەکەوێ کە لەبارەی ڕەوشی سیاسی ئێرانە لە سەردەمی شای ئێران و پاشتریش، واتا سەردەمی هاتنە دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی (ئایەتوڵڵاکان) کە دەکرێت بڵێین: خانووەکەی مزگەوتێ هێماشە بۆ ڕۆڵی دین لە دەسەڵاتدا، مێژەری حوکمڕانی لە سەردەمی ئایەتوڵڵاکاندا. لەلایەکی دیکە؛ ڕۆمانەکە هەم ڕۆمانە هەم ژیاننامەی نووسەر، ئەوەی کە پێی دەگوترێت دەقگەری یان "توانەوەی جۆری" واتا لێکدانی دوو ژانری ئەدەبی لەیەک دەقدا. ئەگەرچی ڕۆمانەکە سیاسییە؛ بەڵام لەگەڵ خۆشیدا ڕەوشی کۆمەڵایەتی و هەژموونی ئایینی و بەریەککەوتنی تەوژمە جیاوازەکانیش دەخاتە ڕوو. هەرچی بێت، ڕۆمانێکی خۆش و بەجۆش و گەشکەدەرە. ڕاناوی نادیار تیایدا باڵادەستە و ڕووداو و ڕەوشی ئەوکات دەگێڕێتەوە و کەسایەتییەکان دەناسێنێ و دەوریان پێ دەدات، بۆیە دەتوانم بڵێم: زێدەڕۆیی ڕەنگە هەبێ لە نیمایشکردنی کاراکتەرەکان و پێدانی هەر ڕۆڵێک کە گێڕەرەوە ویستوویەتی، هەروەک ئەوەی لەوانەیە "قادر عەبدوڵڵا" خۆی بێت و پاشخانە فیکریەکەی ڕێبەری نووسینی ڕۆمانەکەیەتی. چونکە دەبینین جۆری بیرکردنەوەی ئەو زاڵە بەسەریدا کە چەپ بووە. دواجار ڕۆمانەکە؛ وێنەیەکە لە ڕوومالی هات وهەرای نێوان مێروولە شۆڕشگێڕەکان دوای سەرکەوتنی شۆڕش؛ لەسەر شێوە و جۆری دەسەڵات، بە واتایەکی تر پیشاندانی ئیمانداریی چەپەکان و مێزەری ئایەتوڵڵاکان و بەریەککەوتنیانە.

سەبارەت بە وەرگێڕانەکە؛ دەمەوێت پەسنی ڕۆڵی شەفیقی حاجی خدر بکەم؛ لەوەی کە بۆ وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە ماندوو بووە و بەسەلیقەوە ئەنجامی داوە، زمانی وەرگێڕ ئەوەمان پێدەڵێت کە، وەرگێڕیش دەڵێی بۆ خۆی ڕۆماننووسە و شارەزای بنیاتی پەیکەری ڕۆمانە. هەروەها وەرگێڕ بۆ وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە؛ گەلێک وشەو دەستەواژە و زاراوەی کوردی وەبیرهێناوینەتەوە و لە لەناوچوون دەربازی کردوون. ئەگەرچی بەدەر نییە لە هەندێ هەڵەی چاپ.

من زیاتر وەک خوێنەرێک ڕۆمانەکەم خوێندووەتەوە، ئەگەرنا خوێندنەوەی ڕەخنەیی و زانستی سەرنجی وردترو زیاتر لەجێی خۆی دەوێت، کە من تەنها ویستم لێرە سەرنجێکی خێراو سەربین وتیژتێپەڕ بخەمە ڕوو، بانگهێشتی خوێنەرانیش بکەم بۆ خوێندنەوەی.

کۆتایی ڕۆمانەکە: قولە تعالی: اللَّـهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ يَهْدِي اللَّـهُ لِنُورِهِ مَن يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللَّـهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّـهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣٥﴾ .. "النور"



# سەرچاوە دەروونییەکانی توندوتیژیی دینی

## دەروازەیەک بۆ ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکانی بابەتی قودسی و ڕۆڵی لە دروستکردنی توندوتیژیدا

عادل قادری



قسەکردن لەسەر دین و لەم بارودۆخەی کە ئێستا کوردی پێدا تێدەپەڕێ، زەین و ڕۆحێکی زۆر بێلایەن و ئازادی دەوێت. بێلایەن و دوور لە تووڕەیی و ئازاری قووڵی ئەو برینانەی کە خوێندنەوە و تەئویلە دینییەکان و فامی دینداران لە جەستە و ڕۆحی نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای ئێمەیان خستووە. چ لە مێژووی نێزیک و چ لە مێژووی دووری ئێمەدا، هەموو برین و شەڕ و کارەسات و قوربانییەکان لە نێوان تیغی شمشێری دوو ئایینی شیعە و سوننە و ئەو فامە سیاسی و جیۆپۆلیتیکەی کە بۆ دین هەیانبووە، هاتوونەتە ئاراوە. زۆر ڕەوایە بپرسین چۆن ئامادەگییەکمان لە مێژوودا هەبووە؟ ئایا ئامادەگیی ئێمە وەکوو بکەر و سووژە بووە یان وەکوو فەرمانبەر و ئۆبژە و بەرکار و، سەربازی دوو، یان چەندین کولتوور و لەشکری ئاینی کە ئێمەیان لە پرۆسە و پرۆژەکانی خۆیاندا کردە ئۆبژە و ئامێر و، وایان کرد ئێمە بە پلە و ئاستی ئۆبژەوێناکردن (objectification) ی خۆمان ڕازی و ئەرخەیان بین و تا ئێستاش لە نیگار و ئاوێنەی ئەویدییەوە وێنای خۆمان و دونیای لێکهەڵوەشاو و پڕبرینی خۆمان بکەین؟

بۆچی ئێمە بەردەوام لەلایەن هەر هێز و تێڕوانینێکەوە برینی گەورەمان کراوەتە جەستە، چ لەلایەن هێزێکی چەپ و ناسیۆناڵی وەکوو بەعسی عێراقی (کە وەکوو پێکهات و ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژی لێوانلێوە لە دژوازی و بەراوەژووکاری، چوون بە ناوی قائید و واحیدێکی تەواو دەسەڵاتەوە فەتوا و فرمان و بڕواکانی دەردەکرد) و چ لەلایەن هێزێکی سامناک و دژە شارستانیی وەکوو داعشەوە کە هێشتا جێ شمشێر و برینەکانی تەڕ و خوێناوین؟ ئایا ئەمانە وەکوو خوێندنەوە و فامێک بۆ دین هەر لە یەک سەرچاوەوە ئاویان نەخواردووەتەوە؟ ئایا سەرچاوەی مەعریفی و شەرعیی ئەو دینە چەند کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک و ماهییەتی ئەو فام و خوێندنەوە مرۆڤکوژە هەبووە؟ بۆچی هەر لایەنێکی دینی، لێکەوتە و پێشهاتەکانی بۆ ئێمە تەنها کارەسات و کۆست و ئەنفال و ڕاگواستن و جینۆساید و تەعریب و داگیرکاری بووە؟ ڕاستییەک کە کەس ناتوانێت حاشای لێبکات، ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری مێژووی شارستانیی مرۆڤ لە ڕۆژگاری کەونینە و دێرینەوە تا ئێستا، مێژووی شەڕی نێوان دینەکان و جەنگاوەرانیان بووە، شەڕێک کە ئەنجامەکەی تەنها خوێنڕشتن و قوربانی و کاولکردنی سامانی مرۆیی بووە. بێگومان ئاخێزگەی هەڵایسانی ئاگرێکی وەها مەزن لە ناخی دینەکاندا، ئیمان (faith) و باوەڕ (believe) و ئەو "گرێبەستە" قودسییە ئەفسووناوییە بووە کە مرۆڤی ئیماندار وای تێگەیشتووە لەنێوان خۆی و هێزێکی بانسرووشتی و باڵادەستدا بەناوی "خودا" بەستوویەتی. واتە ناوک و جەوهەری دین، ئیمان و چاوبەستوویەکی پێشوەختە بۆ بابەتێک کە وەکوو "قودسی" (Holy) پێناسە کراوە. لێرەوە لە یەکانگیری و دەستەملانێی نێوان دین و بابەتی قودسی-کە بزوێنەر و جەوهەرەکەی ئیمانە- تێدەگەین. ئەم سێ کوچکەیە واتە "دین، ئیمان و بابەتی قودسی" لە دۆخێکی هاوشێوەی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی کوردستاندا ئەنجامەکەی تەنیا کوشتن و قڕانکردن و سووتاندنە وەکوو بینیمان، ئەمە نەک بەو مانایە بێت کە ئەم دیاردەیە لە مێژووی ئێمەدا تازە سەری هەڵداوە، نەخێر بەڵکوو ئەم هێرشی شمشێرەی دین و کڵپەسەندنەی گڕی دین هەر لە کاتی بەریەککەوتنی ئایینە جیاجیاکاندا هەبووە، نەک تەنها لە مێژووی ئێمەدا، بەڵکوو لە کۆی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

ئەم توندئاژۆیی و قودسیپەرستی و خوێنڕشتنە تایبەت نەبووە تەنها بە ئیسلام، بەڵکوو لە دینە تاقانەپەرست و وەحدانییەکانیشدا مانا و تێم و جەوهەرێکی هێزەکی و ئامادە بووە کە بکەر و لایەنێکی سیاسی و پراکتیکیی دەویست تاکوو کردەکی و جێبەجێی بکات.

ئەم شەڕە گەورانەی نێوان قودسیەت و ناقودسیەت، پیرۆزی و ناپیرۆزی لەنێو هەموویاندا هەبووە، هیچ ئاینێک نەبووە بەشێکی بنەمایی ئاینی پێش خۆی قبووڵ بێت، بەڵکوو تەنها لە قەوارەیەکی گشتیدا دانی پێدا ناوە، لە ڕاستیدا شەڕی گەورەی ئێستا کە لەنێو مرۆڤایەتیدا پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە ئاستێک کە شارستانیەتی مرۆڤ بە گشتی و تەنانەت ڕۆژئاواشی خستووەتە ژێر مەترسیی جدییەوە، ڕیشە و ڕەچەڵەکی بۆ سایکۆلۆژییەت و ئەکتێکی دەروونی دەگەڕێتەوە کە هەزاران ساڵ لە مێژووی مرۆڤدا، لە شکڵ و فۆرمی میتافیزیکیی جۆراوجۆردا هەبووە و بەناو پرۆسەی "خۆ-هۆشیاری" (self-consciousness) و هۆشیاربوونەوە و شۆڕشی زانستیدا تێپەڕیوە و تا ئێستەش لە گەردیلە قودسی و توخمە بکوژەکانی خۆی مەودای نەگرتووە، تەنها شکڵی پێوەندییەکەی لەگەڵ قودسیەتەکە گۆڕاوە، ئەگەرچی سەرهەڵدانەوەی هێزێکی دینی- سیاسی- پیترۆیی وەکوو داعش تەنها وابەستەی ئەم هۆکارە سایکۆلۆژییە لەمێژینە و کۆنینە نییە، بەڵکوو هۆکاری سیاسی و کایەی هێزە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان لە هەستانەوە و ڕابوونیدا ئامادە بووە، بەڵام جەوهەر و بزوێنەرەکەی هێزە دەرەکییەکان نەبوون، بەڵکوو ئەو ڕۆحە قودسی تەوەر و موتەشەڕیعانە بوون کە لە زەردەشت، مانی، مەزدەک و تەنانەت فیتیشیست و تابۆپەرستەکانی پێش ئەمانیشەوە ئامادە بووە، ڕۆحێک کە ئەرخەیانی و سوکنایی دەروونی خۆی بە هەمێکی قودسی لەژێر ناوی فلان تۆتەم یان فیسار تابۆ یان هەر ناوێکی تری قودسی، ئارەزوو دەکات. ڕەنگە ئەم سوکنایە تا ئەو شوێنەی کە بۆ بەردەوامیی ژیان و ڕۆحی ژین و مان بێت کێشە نەبێ و هەر وەک ماکس ڤیبەر دەڵێت: "وەکوو وەهمێکی تۆپزانە و جەبرییە و بوونی پێویستە"، بەڵام کاتێک ئەم ڕۆحە لە کەلتوورێکدا بێت کە کەمترین گەشەی فیکری و زانستی و تەکنەلۆژیی لەڕێگەی عەقڵی بەرهەمهێنەرەوە کردبێت، ئەوا قسەکەی ماکس ڤیبەر پووچەڵ دەبێتەوە، چوون ئەم "وەهمە پێویستە" لە ڕۆحی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیدا لە حاڵەتێکی بەتەواوی بەدەوی و بیابانی و ناوشیارانە (The unconscious) دا ماوەتەوە و ئەو ڕاگوێز و فیلتەرینگەی کە یونگ و فرۆید بۆ لێکهەڵپێکرانی "ناهۆشیار" و هێما و گەڕانەوەکانی پێناسەیان کردووە، بەبێ هیچ بەربەست و لەمپەرێک هێرش دەکەنە سەر خودئاگا و هۆشیاری و عەقڵ خەسار دەکەن و دەیپلیشێننەوە و ئیمان و باوەڕ بەبابەتی قودسی کە ئارەزووەکەی لە زەینی ناهۆشیار و حەز و تاسووقی بۆ داسەکنان و هێورییەوە هاتووە، جێگەی هەموو چەشنە تەئەمول و تێڕامان و بیرکردنەوەیەک دەگرێتەوە. لەم سایکۆلۆژییەتەوە داعش سەرهەڵدەدات، کەوابێت نابێ لە خۆمان و لە کولتوورێک کە لەوەها دواکەوتوویەکی هۆشیارانە و عەقڵیدا دەژی، بپرسین کە بۆ دەبێ پێمان سەیر بێت داعش سەری هەڵداوە؟! لە کاتێکدا هێما و دەرکەوتەکانی زەینی ناهۆشیاری ئەم ڕۆحە قودسی پەرستە پێشتر لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ژێر ناوی سەلەفییەت و وەهابییەت و پێش ئەوەش لە ژێر ناوی جوندولئیسلامدا خۆی مانیفێست کردووە. ئایا ئێمە ئەم زەنگ و هۆشدارییە ترسناکانەمان بینی؟ ئایا بەو هۆیەوە نییە کە ئێمە لەگەڵ ئەم جەماعەت و دەستە و گرووپانە خاوەنی کۆنەست (collective unconscious) ێکی هاوبەشین هەر بۆیە ئەم ریسک و مەترسیانەمان فەرامۆش کرد و پشتگوێمان خستن؟

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕەچەڵەکی وشەی دین و مانا و دەلالەتەکانی، ڕەنگە لەم بابەتە باشتر تێبگەین. دین لە زمانە ئەوروپییەکاندا (Religion)ی پێدەڵێن کە لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی (Religio) یان (Religare) وەرگیراوە و بەمانای "گرێدان و پێکەوەبەستن" دێت. خوێندنەوە و ڕاڤەی ئەم فیگۆر و دەربڕینە مەجازییە ئاماژە دەکات بە جۆرێک لە گرێبەست و باوەڕی قودسی کە لە ئیمانێکی دەروونییەوە هەڵدەخێزێت و تایبەت نییە بە ئیسلام یان هەر دینێکی دیاریکراو، بەڵکوو ڕۆحییەتێکە لە هەناوی سایکۆلۆژیی مرۆڤدا، لە چوارچێوەی ئارەزووی هێوربوونەوە و داسەکناندا خۆی مانیفێست دەکات، واتە بەم پێناسەیە دین بەواتا گشتییەکەی بابەت و ئەمرێکی سایکۆلۆژی و دەروونناسانەیە، ڕووداوێکی دەروونییە کە لە ئارەزوویەکی ناوشیارەوە سەرچاوەی گرتووە، ئارەزوویەک کە لە ڕێگەی ئیمانەوە دەیەوێت خۆی لە دڕێتی و وەحشییەت و تاریکایی و دۆزەخی لێخوڕ (Drive) ـەکانی زەینی ناوشیار ڕزگار بکات، بەڵام ئەم ڕزگارییە کاتێک مسۆگەر دەبێت کە زەینی وشیار ئەوەندە گەشەی کردبێت وەکوو یونگ دەڵێت: "بە پرۆسەی بەتاک بوون و تاکخوازی (individualism) و گەشەی ڕۆحی گەیشتبێت و لە شەڕەکانی نێوان وشیار و ناوشیار "خود" توانیبێتی باڵانس و هاوسەنگییەک پێکبێنێت"، بێگومان ئەمە لە کەلتووری دواکەوتوو و ئیزۆتێریک (Esoteric) و باتنگەرای ئێمەدا نەهاتووەتە ئاراوە، بۆیە دەرکەوتنی دین دەرکەوتنی لایەنە دۆزەخی و سامناکەکانی دین و ڕەهەندی سێبەر (Shadow) و ڕەشیی خودە لە جیهانی ناوشیارەوە، بێ هۆ نییە کە لە تێڕوانینی ئیسلامیشدا جێگەی "ئیمان" و پلەی گشتبوونەکەی لەگەڵ شوێن و پلەی "ئیسلام" جودا دەکاتەوە. ئیمان لە ئیسلامدا ئەو باوەڕە دەروونییەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەیەوێت بگاتە پلەیەک لە یەکگرتوویی دەروونی تا شوێنێک کە لە نێوان ئینسان و ئیماندا هیچ مەودا و هێڵێک نەبێت، بەڵام وەک گوتم ئەمە بەبێ ناوکۆ و واسیتەی "خود" لە پرۆسەی بەتاکبووندا، دەبێتە دۆزەخێک بە ناوی داعش کە لە ئارکی تایپ (archetype) و کۆنەچەشنەکانی هەناوی ناهۆشیاریی دەستەجەمعی و کۆنەستی ئەم کەلتوورەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ڕوانینی ئیسلامدا شوێنی ئیمان "دڵە"، بەڵام شوێنی ئیسلام "عەقڵە" وەکوو لەم ئایەتەدا دەڵێت:

قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَٰكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ... (سورة الحجرات، آية 14)

واتە: بادیەنشینەکان گوتیان: ئێمە ئیمانمان هێناوە. بڵێ: ئیمانتان نەهێناوە، بەڵکوو ئیسلامتان هێناوە، چونکە هێشتا ئیمان نەهاتووەتە ناو دڵتانەوە...

ئەگەرچی ئەو ناوەڕۆکەی کە لەم ئایەتەدا دەرکەوتووە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە "ئیمان" بە بابەتێکی پێشینی لەقەڵەم نادەن و لایانوایە بەرئەنجامی زەینی وشیار و عەقڵێکە کە سەرەتا ئیسلامی قبووڵ کردووە و دواتر بڕیارە ئیمان بەم پەسەندکردنەی عەقڵ بهێنێت، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئیمان شتێک نییە لەگەڵ چەمک و دەلالەتی "ئیسلام" و بە دانوستاندن لەگەڵ ڕووداوەکانی کاتی هاتنی هاتبێتە ئاراوە، بەڵکوو "ئیمان" هێنان ئارەزوو و تاسووقێکە کە پێشتر لە هەناوی کۆنەستی عەرەبی بادیەنشین و بیابانیدا هەبووە و تەنها دەیەوێت ناوەڕۆکەکەی بگۆڕێت و جێگۆڕکێ بە سیمبول و نیشانەکانی ئیمان بکات، چوون پێشتر هەر ئەم عەرەبانە لە جیهانی پیرۆزی فیتیشیزم و تابۆ و تۆتەمپەرستیدا ئیمانیان زاخاو درابوو، پێکهاتی ئیمان لە هەناویاندا وەکوو بوونەوەرانێکی بەدەوی کە لە پلەیەکی ناوشیارانە و بەدەوی پەرستشدا بوون، هەر هەبووە و ئێستا ئیسلام دەیەوێت لە ڕێگەی وشیارییەوە (وەکوو لەم ئایەتەدا باسی دەکات) ناوەڕۆک و هێما و سیمبولەکانی ئیمان لە ناهۆشیاردا دەسکاریی بکات، کەواتە ئەم ئایەتە داکۆکیکەر و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە لەسەرەوە و لە پێوەندیی نێوان ئیمان و ناوشیارییەوە خستمە ڕوو. واتە لەم ئایەتەدا زۆر بە ژیری و بنەمایی و لە پلانێکی سایکۆلۆژیدا بە عەرەبی بادیەنشین دەڵێت: بەر لەوەی چەمک و واتای "ئیسلام" و هۆشیاری و عەقڵ گرینگ بێت، "ئیمان" و ناهۆشیاری و دەرەعەقڵ گرینگە و دەبێ بۆ باوەڕهێنانی ڕاستەقینەتان بە دینی ئیسلام لەو پلەیەوە دەستپێبکەن. کەواتە ڕیلیجین یان دین بۆیە واتای پێکەوەگرێدان و گرێبەست دەدات، چونکە چەندین شت بڕیارە پێکەوە ببەستێت، کۆمەڵێک سیمبول و ئارەزوو و خواست و... لەگەڵ تێگەیشتن و فامێک کە لەناو هۆشیاریدا هەوڵ دەدات یەکانگیریی بۆ بدۆزێتەوە، گرێ دەدات. ئەگەر ئەم پرۆسە و ڕەوتە بە وتەی یونگ لە بەتاکبووندا نەگاتە ئەنجامی هێمنی و ئەرخەیانی، ئەوا دەرگای ئارەزووە ڕەش و ڕەهەندە سێبەرییەکانی کۆنەست دەکرێتەوە و بەسەر جیهانی هۆشیاردا دەڕووخێت و عەقڵێکی هیستریک و لەتوپەتکراو و سادومازوخیست بەرهەم دێنێت کە دەتوانێ هەموو کولتوور و شارستانیەتێک تا ئاستی نابوودی و قێزەونی و بێزهاتنەوە لە دەسکەوتە باڵاکانی مرۆڤایەتی ببات.

ئەمە ئەو پرۆسە گشتییەیە کە بەنیسبەت ئیسلامەوە ساڵیانێکە ڕوودەدات و کارەسات و قوربانی و خوێندانەکەی بۆ کورد زۆر ڕەهەندی ئاڵۆز و تارادەیەک دەستنیشاننەکراو و نادیاری هەیە. ئەگەرچی وەک گوتم ئێمە وەکوو نەتەوە و کۆمەڵگایەک ناتوانین پلە و ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنمان لانیکەم لە 50 ساڵی ڕابردوو ڕەت بکەینەوە و بیخەینە ژێر پرسیارێکی ڕەهاوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو کارەساتانەی کە لە ڕۆحییەت و شوێنگەیەک بە ناوی ناهۆشیاریی بەدەویی عەرەبەوە دێت، بۆمان دەردەکەوێت هۆشیاریی ئێمەش لە ئاستێکی بەدەویدا بووە کە دەرگای بەرەو تۆفانی دۆزەخی ناهۆشیارییەکی بەدەوی کردووەتەوە و هەموو سامان و میراسی مرۆیی و ڕۆحی و مێژوویی خۆی بۆ دابین دەکات. ئێمە تەنانەت لە کاتی خوتبەی مەلا و پیاوە ئاینییەکانی کوردیشدا هۆشیارییەکی ڕووکەش و دەرەعەقڵی دەبینین، بەڵام ئەوەی کە بە زەقی دیارە، خیتاب و فیگورێکی بارگاوی بە کۆمەڵێک ترس و فۆبیا لە دۆزەخ و کڵپەکانی و حەز و ئارەزوو و تاسووقێکی ناکۆتا بۆ بەهەشت و چێژ و حۆریەکانێتی کە هەمووی لە کۆنەست و سیمبولەکانی ئەو کۆنەستەی کەلتوور و ڕۆحێکی بەدەوییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە درێژەی سەدان ساڵدا گواستوویەتییەوە بۆ هەناوی مرۆڤی کورد.

سەرچاوەکان:


1- مورنو، ئنتونيو (1390)، يونگ، خدايان و انسان مدرن، مترجم داريوش مهرجوئی، تهران، نشر مركز.

2- شايگان، داريوش (1380)، افسون زدگی جديد: هويت چهل تكه و تفكر سيار، مترجم فاطمه وليانی، تهران، نشر فرزان.

3- فروم، اريک (1393)، زبان از ياد رفته: درک و تعبير رؤيا، داستانهای كودكان، اساطير، ترجمة دكتر ابراهيم امانت، تهران، انتشارات فيروزه.


4- فرويد، زيگموند (1389)، ناخوشايندیهای فرهنگ: تمدن و ناخرسندیهای ين ترجمه از متن يلمانی اميد مهرگان، تهران، انتشارات گام نو.

> شەڕی گەورەی ئێستا کە لەنێو مرۆڤایەتیدا پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە ئاستێک کە شارستانیەتی مرۆڤ بە گشتی و تەنانەت ڕۆژئاواشی خستووەتە ژێر مەترسیی جدییەوە، ڕیشە و ڕەچەڵەکی بۆ سایکۆلۆژییەت و ئەکتێکی دەروونی دەگەڕێتەوە



# ئاغا و خانمی کراواتی

پەری کەریمی نیا



ئەوەی کە ژنێک جلێکی کورت لەبەربکات و بە بەردەمتاندا بڕوات، چ هەستێک دەتانگرێت و یان چی لە مێشکتاندا دەخولقێنێ، بۆ خانمی کراواتی خاڵێک نەبوو کە ئەورۆ ببێتە بەربەست. بەربەستێک کە نەهێڵێت جلێکی کورت لەبەر بکات، جلێکی کورتی تا سەرئەژنۆ، تەخت خۆڵەمێشیی پڕ لە گوڵی سوور و سپی. گۆرەوییەکی ناسک ناسکی گۆشتیی شووشەیشی لەپێ کرد. گۆرەوییەکە رێکییەکی دڵڕفێنی بە پاوپووزی خانمی کراواتی بەخشی. کراسەکەی بێقۆڵ بوو.

پێش ئەوەی لە ماڵ بێتە دەر، ئاغای کراواتی پرسیاری کرد کە ئەو جلە هەروا کورت بووە یان خۆی ئاوا کورتی کردووەتەوە؟

خانمی کراواتی سەیرێکی مۆبلەکەی کرد کە لەسەری دانیشتبوو. بەو سەیرکردنە ئاغای کراواتی وا تێگەیشت کە خانمی کراواتی دەیەوێت بڵێت موبلەکە جلەکەی ئەوی کێشاوەتە سەرەوە. خانمی کراواتی کاتێک کە لەسەر موبلەکە دانیشتبوو، موبلە خەتخەتەکە رەنگە ویستبێتی هەندێ ژوورتر لە ئەژنۆی خانمی کراواتی ببینێ، بۆیە پێستە خەتخەتەکەی لە جلەکەی گیراندووە. بە هەر جووڵەیەکی خانمی کراواتی، موبلە خەتخەتەکە هەندێ لە جلەکەی بردووەتە سەرەوە. ئەو کات کە خانمی کراواتی لەسەر موبلەکە هەستاوە، جلەکەی یەک بست لەسەر ئەژنۆیەوە بوو. لە هەمان کاتیشدا هەستی کرد کە جلەکەی بە موبلەکەوە نووساوە. هێزێکی زیاتری دایە خۆی بۆ ئەوەی لە موبلەکە خۆی جوێ بکاتەوە. کە جووڵەکەی کرد، دەنگێکی دوور و لێڵی کەوتە بەر گوێ.

ـ میاو...

سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد، پشیلەیەکی بەرچاو نەکەوت. وای دانا کە جیرەی موبلەکە بووبێت.

کە هەستا بە جێی ئەوەی سەیری ئاغای کراواتی بکات، سەیری موبلەکەی کرد کە لەشی شوێنێکی لەسەر موبلەکە بەجێهێشتبوو. درەوشاوەییەک لەسەر ئاوێنەکەی بەرانبەر، سەرنجی خانمی کراواتیی بۆ لای خۆی راکێشا. سەیرێکی ئاوێنە رەنگ زێڕینەکەی کرد و سوورێکی بەدەوری خۆیدا لێدا. یەخەی جلە کورتەکەی تۆزێک راستەو پاستە گرت. لە ئاوێنەکەوە ئاغای کراواتی بینی کە خەریکە شوێنی بەجێماوی لەشی لەسەر موبلەکە دەشەوێنێت. لەو راستەو پاستەگرتنەی یەخەی کراسەکەیدا، ملوانکەکەی رێکوپێکتر کرد. ملوانکەکە شێوەی دارێک بوو کە لق و پۆی بە دەوروبەری خۆیدا کێشابوو. مەبەستی خانمی کراواتی لە رێککردن ئەوە نەبوو پێچی زریزەی ملوانکەکەی چاک بکات، بەڵکوو زریزەکەی کورتتر کردەوە و لە ناوەڕاستی سینگیدا داینا. ئاوا گەردنی بەرزتر و کێشراوتر خۆی دەنواند.

ـ کێلگەردن.

خانمی کراواتی ئەم وشەیەی بە ئەسپایی لە دڵی خۆیدا گوت.

لە ئاوێنەکەوە بارانی بینی کە نمە نمە خۆی دەکێشێت بە شووشەی پەنجەرەکەدا. پەردەکە نمنمی بارانەکەی لێڵ کردبوو. مێزی قاوە خواردنەکەی تێپەڕاند و بەرەو لای پەردەکە چوو هەڵیبداتەوە. خۆی باریک کردەوە بۆ ئەوەی لە هیچ کوێ نەگیرێت و گۆرەوییەکانی تاڵکێش نەبن. باران لە نمەنمە زیاتر بوو. بە رەهێڵە دەباری. رەهێڵەکان یەک یەک و جووت جووت خۆیان بە شووشەکەدا دەکێشا. خانمی کراواتی هەستی کرد کە شووشەکە بە تەواوەتی لە بەردەم ئەو رەهێڵانەدا خووساوە. تامەزرۆی ئەوەی کرد کە ئەویش لەو خووسانەدا بەشدار بێت. خۆی نووساند بە پەنجەرەکەوە.

ـ میاو..

ئەو دەنگە سەرنجی خانمی کراواتیی بۆ دەرەوە راکێشا. پشیلەیەک بە پەلە لە جادەکە دەپەڕییەوە.

کە خۆی بە پەنجەرەکەوە نووساند، هەستی بە فێنکایییەک کرد. هەرچەند هەستەکە بچووک بوو، بەڵام هەرچییەک بێت هەست بوو. خانمی کراواتی وای بیر دەکردەوە کە ئەگەر پەنجەرەکە بە جێگەی ئەوەی بە دیوارەوە هەڵواسراوە، هەر وا لەسەر عەرز رابکێشرایە، بێگومان زیاتر لە بەردەم رەهێڵەکاندا دەخووسا و ئاستی هەست بە فێنکایەتی لە ئەمیشدا زیاتر دەبوو.

لەشی خانمی کراواتی گەرمایەکی بە شووشەکە بەخشی. هەڵمێک لەسەر شووشە خووساوەکە دروست بوو. هەڵمەکە لەسەر بەشەکانی تری شووشەکە پەرەی سەند. خانمی کراواتی بە هاڵاوی دەمی، پەرەی بە گەورەبوونی هەڵمەکە بەخشی. هەڵم لەسەر شووشە خووساوەکە بووە بازنەیەکی گەورەی تۆخ. پێش ئەوەی بازنە گەورە تۆخەکە کاڵ بێتەوە، باسکە رووتەکانی نووساند بە پەنجەرەکەوە. بە دوو قامک دڵێکی گەورەی لەسەر هەڵمەکە کێشا. دڵێکی گەورە بە رادەی گەورەیی هەڵمەکە. ئاغای کراواتی لەو کاتەدا کە خانمی کراواتی بەم کارانەوە سەرقاڵ بوو، چووە بەردەرگا بۆ ئەوەی بزانێت کە ئەورۆ هیچ پۆستێکیان هەبووە یا نا. کە گەڕایەوە دەستی بەتاڵ بوو.

پێش ئەوەی ئاغای کراواتی بێتە ژوورەوە، بینی کە دڵێک و رەهێڵەکانی باران بەسەر شووشەی پەنجەرەکەوەن. خانمی کراواتی بە جلە کورتەکەیەوە تازە دەستی لە کێشانی دڵەکە هەڵگرتبوو. رەهێڵەکانی باران بە حوجەت خۆیان بە سەروملی ئاغای کراواتیدا دەکێشا. ئاغای کراواتی بە پەلە خۆی بە ژووریدا کرد. پێش ئەوەی دەرکەکە دابخا بینی کە پشیلەکە بۆ پەنایەک دەگەڕێت خۆی لەو رەهێڵە بارانە رزگار بکات. خۆبەژووریداکردنی ئاغای کراواتی و شکایەتکردن لە رەهێڵەی باران پێکەوە روویدا. ئاغای کراواتی داوای لە خانمی کراواتی کرد لەبەر پەنجەرەکە بێتە ئەملاوە. خانمی کراواتی لەبەر پەنجەرە هاتە ئەملاوە، بەڵام دڵەکەی لەسەر شووشەی پەنجەرەکە بەبێ دەستکاری واز لێهێنا. پەردەکەیشی دانەدایەوە.

هەر کە خانمی کراواتی بەر پەنجەرەکەی بەجێهێشت، ئاغای کراواتی بە پەلە پەردەکەی دادایەوە. ویستی پەردەکە وەکوو یەکەمجار رێکوپێک بکاتەوە، واتە بیخاتە سەر دۆخی پێشتری، دۆخێک پێش ئەوەی خانمی کراواتی رێکخستنەکەی بشێوێنێ. ئاغای کراواتی جارێک سووچی راستی پەردەکەی هەڵگرت و دایەوە بەسەر لاکەی دیی پەردەکەدا. تۆزێک سەیری کرد ئەمەی بەدڵ نەبوو. پێی وانەبوو کە پەردەکە سەرەتا وابووبێت. جارێکی دیکە دەستی برد کە بە رێکوپێککردنی لۆچەکانی پەردەکە ئەو رێکخستنەوەیە دروست بکاتەوە. لۆچی لای راستی زیاد کرد و لەلای چەپی لۆچییەکی کەمتری بەجێهێشت. ئەمەشی تێکدا و لۆچەکانی لە ناوەڕاستی پەردەکەدا کۆکردەوە. لای راست و چەپی پەردەکە وەک سەری کەچەڵ وابوو. ویستی شێوەیەکی دی تاقی بکاتەوە.

لە هەمان کاتدا کە ئاغای کراواتی ویستی شێوەیەکی تر تاقی بکاتەوە، خانمی کراواتی دەرکەی دەرەوەی کردەوە. لەوە دەچێت هەر دووکیان پێکەوە پشیلەکەیان دیبێت کە خۆی لەژێر ماشێنەکەی خانمی کراواتیدا حەشار داوە. خانمی کراواتی دەیویست بڕواتە دەرەوە. پشیلە بە کرانەوەی دەرگاکە هیچ جووڵەیەکی نەکرد و هەر بەو شێوەی پێشوو درێژەی بە خۆ حەشاردانەکەی لەژێر ماشێنەکەدا دا.

ئاغای کراواتی لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا هەر خەریکی رێکخستنەوەی پەردەکە بوو، لە پشت پەردەکەوە سەیری دەکرد کە خانمی کراواتی بە دەست پشیلەکەی گرتووە و لەژێر ماشێنەکەی لایدەبات. پشیلەکە نایەوێ بچێتە بەر رەهێڵەی بارانەکە. چڕنووک لە دەستی خانمی کراواتی دەگرێت. ئاغای کراواتی خانمی کراواتی بینی کە پشیلەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە. رەنگە ئێشی چڕنووکەکە زۆر بووبێت و یا پشیلەکە خۆی خستبێتە خوارەوە. نەیزانی. کە سەیری دەموچاوی خانمی کراواتیی کرد هیچ شتێکی نەخوێندەوە. پشیلەکە بەژێر بارانەکدا غاری دا.

ئاغای کراواتی هێشتا دەستی لە رێکخستنەوەی پەردەکە هەڵنەگرتبوو کە خانمی کراواتی ماشێنەکەی هەڵکرد.

خانمی... چرای ئاماژەی دەستی چەپی لێدا.

